ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی سەراسەریی پەنابەرانی عێراقی

# چەند هەواڵ و چالاکی پەنابەری

## چەند هەواڵی گرنگ و چالاکی پەنابەری

### ژمارەیەك كەسایەتی داوا لە سەرۆك كۆماری عیَراق دەكەن دەرگای فرۆكەخانەی بەغدا بە رِووی دیپۆرتی پەنابەران دابخەن

بەریتانیا، لەندەن 2-9-2010:

لەماوەی رابردوودا ژمارەیەك كەسایەتی و هەڵسوراوی سیاسی لە بەریتانیا نامەیان ئاراِستەی سەرۆك كۆماری عیَراق كردوە كە ویَنەی بۆ ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن نیَراوە داواكراوە" بەشیَك نەبن لە یارمەتی سیاسەتی دژی ئینسانی ولاتانی ئەوروپا لە بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانو ریَكەوتننامەكان لەگەڵ ولاتانی ئەوروپا هەڵبوشینەوە"

121 پەنابەری زیندانی پشتیوانی خۆیان بۆ كەمپینی فیدراسیۆن دژ بە ناردنەوەی پەنابەران رِاگەیاند پەنابەران لە گرتووخانەكانی بەریتانیاوە(كامسفیلدهاوس،دۆڤەر،ئۆكنتن،برۆكهاوس،دۆنكاسەر،دونگیڤڵ،كۆڵنبرۆك،هاردمنسورس،تنزلی هاوس )

كە ژمارەیان 121 پەنابەری زیندانیە پشتیوانی خۆیان لە كەمپینی فیدراسیۆن راگەیاند لە پیَناو داكۆیكردن لە مافەكانی پەنابەران و دژ بە دیپۆرت.

فیدراسیۆنی سەراسەری لە ماوەی رابردوودا لە ریَگای یاداشتیَكی نارەزایەتیوە بۆ سەرۆكی حكومەتی هەریَمی كوردستان و پەرلەمانتارانی كوردستان و كۆمەڵیَك داواكاری خستۆتە روو كە ژمارەیەكی زۆر لە نووسەران رۆشنامەنووسانو رۆناكبیرانو حیزبو لایەنە سیاسیو و ریَكخراوە پیَشەی و جەماوەریەكانی كوردستان ئیمزای پیَشتیوانیان لە داواكاریەكانی ئەو یاداشتە داوە كە لەخوارەوە هاتووە:

1. داوا لە حكومەتی عیَراقی بكریَت كە تەواوی ئەو رِیَكەوتنە ئاشكراو نهیَنیانەی لەسەر حسابی پەنابەران كراوە هەڵبوەشیَنەوە، هیچ پەنابەریَك لە فرۆكەخانەی بەغدا و هەولیَرو سلیَمانی وەرنەگیریَتەوە.
2. رِاگرتنی دەستبەجیَ ئەو رِیَكەوتننامانەی كەلەلایەن حكومەتی هەریَمەوە ئەنجامدراوە لەگەڵ وولاَتانی ئەوروپا داَ دەربارەی ناردنەوەی پەنابەران وە ئەمە بەرِەسمی رِابگەیەنریَت.
3. ئەو پەنابەرانەی بەزۆرە ملی دیپۆرتی كوردستان كروانەتەوە قەرەبوو بكریَنەوە، بیمە یان كاری گونجاویان بۆ دابین بكریَت. وەلاَم بە خواستەكانی پەنابەرە دیپۆرتكراوەكان بدەنەوە كە بەشیَوەی یاداشت ئاراِستەی پەرلەمان وسەرۆكی حكومەت كراوە.
4. داواكاری قەرەبووكردنەوەی كەسوكاری ئەو پەنابەرانەیین كە منداڵەكانیان خۆكوژیانكردوە وەیان لەرِیگای پەنابەریدا تیاچوون.

دەقی نامەو واژووی پەنابەران:

ئێمەی پەنابەرانی زیندانی لەگرتوخانەکانی وڵاتی
بەریتانیا. پشتیوانی لەکەمپینی فدراسیۆن دەکەین
دژبە دیپۆرتی پەنابەرانی کورد، وەداواکارین لە حکومەتی
عیراق وهەرێم ئەو رێکەوتنامەی کردویانە ژێر بەرژێ
لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی
عیراقی. ئەم رێکەوتنامەیە هەڵبوەشێننەوە دەرگای فرۆکە
خانەکانتان دابخەن وپەنابەری بەزۆرەملێ وەرنەگرنەوە
ئێمەی زیندانیانی کە وا ژمارەمان لە (١٥٠) نەفەر زیاترە بێجگە
تەنها ناوی (١٧) نەفەرمان لە خوارەوە نووسیمانە و ئەوەش ناوی
گرتوخانەکانە. وە هەموویان تکێتیان دراوە بۆ ٢٠١٠/٩/٦ بۆ بغداد

١- کامپس فیلد هاوس ئۆکسفۆرد
٢- دۆنکاستەر
٣- کۆلن برۆک
٤- هێرمۆنس هاوس
٥- گلاسگۆ
٦- کەمبریج
٧- دۆڤەر
٨- هاسفیلد
٩- دۆڤەر

٢٠١٠/٨/٣١

## نزيك 50 پەنابەر لەلايەن حكومەتى عيَراقى لە بەغدا وەرگيرايەوە ، لە ئاستى ريَكخراوە پەنابەرى و ئينسانيەكان نارِەزايەتى ليَدەكەويتەوە

هەڵمەت پەنابەرى كوردى عيَراقى بە سكرتاريَتى فيدراسيۆنى رِاگەياند"كاتژميَر 3 سەرلەبەيانى دوێنى كۆماندۆكانى حكومەتى بەريتانيا هەڵيان كووتايەسەرمان و داوايان ليَكردين خۆمان كۆبكەينەوە تا ديپۆرتى بەغدامان بكەنەوە"
هەڵمەت ئەوەشى ووت "سەربارەى ئەوەى نارەزايەتيمان دەربرِى كە ئيَمە هاولاَتى هەريَمى كوردستانيين و عەرەبى نازانيين بەلاَم سىَ پۆليسى عيَراقى سەركەوتنە ناو تەيارەكەو ووتيان ئەگەر دانەبەزن بەشەق داتان دەگرين"
دەشتى جەمال سكرتيَرى فيدراسيۆن ووتى" بەداخەوە وەرگرتنەوەى ئەم پەنابەرانە لە كاتيَكدايە كە بەدەيان لە نووسرانو خەڵكى ئازادى خوازو حزبو لايەنە كوردستانيەكان داوايان لە حكومەتى هەريَمى كوردستان كردوە هەڵويستى جدى بنويَنن وداوا لەحكومەتى عيَراقى بكەن ريَكەوتننامەكانيان لەگەڵ وولاتانى ئەوروپا هەڵبوشينەوە و پەنابەران لە فرۆكەخانەى بەغدا وەرنەگرنەوە"
ئەوەشى ووت "ئەگەر چى بەدواى هەوڵى هەموولايەك حكومەتى هەريَمى كوردستان رايگەياندوە پەنابەرى بەزۆر نيَراوە وەرناگريَتەوە بەلاَم ئەم هەڵويستە ئەگەر جديە داواكارين حكومەتى هەريَمى كوردستان ئيدانەى وەرگرتنەوەى ئەو پەنابەرانە بكات لەلايەن حكومەتى عيَراقيەوە و زەخت بخاتە سەريان بۆ راگرتنى ئەو سياسەتە وبەرپرسياريتى سەلامەتى ئەو پەنابەرەكوردانە بخاتە ئەستۆيان"
ريچاردووتل هەڵسوراو لە بەرەى دژ ديپۆرتى پەنابەران بۆ عيَراق و ئەندامى فيدراسيۆن بە رِۆژنامەى گارديانى رِاگەياند"زەختو فشارى جەماوەرى وايكرد پەنابەران لە كوردستان وەرنەگيرينەوە بەلاَم بەداخەوە حكومەتى بەريتانيا بەردەوامە لەسياسەتى بەزۆر ناردنەوە و بەرپرسياريتى ناردنەوەى بەزۆرى ئەو پەنابەرانە دەخەينە ئەستۆى هۆم ئۆفيس"
بۆ زانيارى زاتر لەسەر هەواڵى رۆژنامەى گارديان بروانە لينكى:
http://www.guardian.co.uk/world/2010/aug/31/kurdish-uk-asylum-seekers-iraq
وشيار لە گرتووخانەى ئۆكتنەوە بە سكرتيَرى فيدراسيۆنى رِاگەياند" ناردنەوەى پەنابەران لە 1-9 لە كاتيَكدايە كە نارِەزايەتيەكى سەراسەرى و سكالاَ لەسەر مامەڵەى نائيسانى كۆماندۆكانى بەريتانيا لەكاتى ناردنەوەى بەزۆرى پەنابەران لەتەواوى دامودەزگا و ميدياكانى جيَهاندا بلاَو بووە كەچى كاربەدەستانى حكومەتى هەريَمى كوردستان لە ئاستى ئەم مامەڵە دژى ئينسانيە بەرامبەر هاولاَتيانى كوردستان بيَدەنگن"

دەشتی جەمال ووتیشی "لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا نامەمان ئاراستەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی بۆ کاروباری پەنابەرانو رێکخراوی عفوی دووەلی ژمارەیەك لە رێکخراوە جیهانیەکان کردوە کە خۆشبەختانە ژمارەیەك لەو رێکخراوانە سەرباری سەرکۆنەکردنی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران نامەی نارەزایەتیان ئاراستەی سەرۆك کۆماری عێراق کردوە"

هێمن لە گرتووخانەی کۆڵن برۆکەوە ووتی"سکرتێری فیدراسیۆن لەگەڵ هەموو زیندانیە کوردەکاندا کۆبوونەوەی کردوە لەسەر هەواڵەکانو پشتیوانیەکان لە کوردستان ئاگاداریکردوینەوە ئێمە زۆر سپاسی هەموو نووسەرانو رۆژنامەنووسانو حزبو لایەنە کوردستانیەکان دەکەین کە بە پەرۆشەوەن بۆ ئێمە داواکارین بەردەوام بن"

## وەفدێکی فیدراسیۆن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووە

ئاری نوری ئەندامی هەیئەتی لقی کوردستانی فیدراسیۆن راِیگەیاند"رۆژی پێنج شەمە وەفدێکی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لقی کوردستان کە پێك هاتبوو لە:دەشتی جەمال ،بەختیار عمر،من لە نوسینگەی پەرلەمان چاومان کەوت بە بەرێز سالار محمود سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان ویاداشتی نارەزایەتی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتارەکانی کوردستانمان پێشکەشکردن"

ئاری ئەوەشی ووت"کاك سالار سەر باری ئەوەی ئەوپەری پشتیوانی هاوکاری بۆ کارەکانی فیدراسیۆن راگەیاند ووتی:ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نیین و لەگەڵتاندا هاوکار دەبین بۆ لابردنی زەحمەت زۆر بەسەر پەنابەرانەوە و ئامادەشین کۆبوونەوە بۆ دەشتی جەمال دابنین لە پەرلەمان لەسەر گرفتو کێشەکانی پەنابەران و ئەو هاوکاریانەی بە ئێمە دەکرێت بەدواداچوونی داواکاریەکانتان دەکەین"

ئاری ووتیشی" دوای ئەوەی بەدرێژی لەسەر پرسی پەنابەران قسەمانکرد ژمارەیەك بەڵگەمان سەبارەت بەرێکەتننامەی حکومەت تەسلیمکردنو لەسەر کێشە پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان قسەمانکرد، هەروەها بەشێکی تری قسەو باسەکانمان تەرخان کرد سەبارەت بەخراپی باری سەلامەتی و خزمەتگوزاری گەشتە ئاسمانیەکان بۆ کوردستان و لەو بارەیەوە یاداشتێکی تری نارەزایەتیمان پێشکەشکردن"

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:00447856032991Or
ifir@hotmail.co.uk www.federationifir.com www.csdiraq.com 0041313021966-0788532004